# کتێبی شەجەرەی بنەماڵە دێرینەکانی

# سلێمانی 1784 –1914




ئەم کتێبە لە کۆکردنەوەو نەوساغکردنەوە و ئامادەکردنی (عەبدولخالد سابیر) ە، 1238 لاپەڕەی لەخۆ گرتووە بە قەبارەی 23×33 سم، لەماوەی 51 مانگدا) لەمانگی ئایاری 2003 وە تاوەکو مانگی ئابی 2007 ی خایاندووە).

نوسەر دەڵێ: بۆ نووسینی هەر بنەماڵەیەک تاوەکو بزانم ئەو مێژووەی کە کتێبەکەمم پێ دیاری کردووە (1784–1914) ئەو بنەماڵەیە دەکەوێتە نێوان ئەو بەروارەوە، داوای چەند بەڵگەیەکی سەردەمی فەرمانڕەوایی بابانەکان یاخود سەردەمی حوکمڕانی عوسمانیەکانم کردووە، بەواتایەکی تر پشت بەستن بە بەڵگەیە لەبەرئەوەی مێژوو بەتایبەتی مێژووی ئەم جۆرە نوسینانە دەبێت مۆڵکی زانستیی لەخۆ بگرێت، چونکە ئەم بابەتە بۆ یەکەم جارە لەنێو مێژوو و کتێبخانەی کوردیدا بەم جۆرە لەسەر کۆمەڵە بنەماڵەیەک بنووسێت کەلە وڵاتانی ئەوروپاو ئەمەریکادا دەمێکە سەرقاڵی ئەو بوارەن و بۆ ئەو لایەنە زانستیە زاراوەی (جینیالۆجی)یان بۆ داناوە کەبەواتای بنەماڵەناسی دێت کە لەبری ئەو زاراوەیە وشەی

(بنەماڵەناسی)م بەکارهێناوە . کەواتە ئەم بەرهەمە لەلایەک زانستیەو لەلایەکی دیکەوە لقێکە لەمێژوو وەک لقەکانی (ئارکیۆلۆجی – شوێنەوارناسی)و (ئیپنولۆجی – ڕەگەزناسی) و ...هتد.

مێژوو خۆی لەخۆیدا زانستێکی گەورەو بەکەڵکە کەواتە لەدەرگادانی بابەتێکی وەها خۆی دەنێتە ناو قاڵبێکی زانستیەوە. بۆ زانیاری لەسەر هەربنەماڵەیەک پشت بە نوسراو یان هێڵکاری شەجەرەی بنەماڵەکە هەبوبێت بەستراوە ، هەروەها زانیاری لە کەسانی بەتەمەنی بنەماڵەکەش وەرگیراوە لەگەڵ چەندین سەرچاوەی تر وەک رۆژنامە، گۆڤار، کتێب گەر هەبوبێت، ئەنجا مێژووی بنەماڵەکە وەرگیراوەو دواتر ناوی ئەندامانی بنەماڵەکە هەر لە باپیرە گەورەیانەوە (بەپێی ئەو زانیاریەی کەلەلای بنەماڵەکە هەبوبێت (تاوەکو منداڵی سەر بێشکە نوسراوە، سەرەڕای زانیاری لەسەر کار (پیشە) یاخود بڕوانامەی هەر ئەندامێکی بنەماڵەکە وەرگیراوە، هەر ئەندامێکی بنەماڵەکە لەژیاندا نەمابێت و لە بوارێکدا ڕۆڵی لەبەرچاوی گێڕابێت بە واتایەکی تر ناوبانگی لەو بوارەدا پەیدا کردبووبێت چ لە بوارەکانی سیاسی، ئەدەبی، فێرکردن،....هتد ئەوا پەراوێزی بۆ کراوە.

سەبارەت بەدانانی وێنەکان بەپێی باسەکە دانراوە کە وێنەی هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ ئەوانەی لەژیاندا نەماون تێدایە ، پاشان لەدوای باسکردنی بنەماڵەکە هێڵکاری بنەماڵەکە دانراوە سەبارەت بەوەی .هەر بنەماڵەیەک چ نازناوێکی هەڵگرتووە بەو جۆرە دانراوەو دانانی بنەماڵەکانیش بەپێی پیتی کوردیش ڕیزبەند کراون.

هەڵبژاردنی وشەی شەجەرە کە وشەیەکی عەرەبیە لەبەر ئەوەیە کە ئەم وشەیە لەمێژەوە بەکارهاتووە لە زمانی کوردیداو کورد پێی ئاشنا بووە . هەر وەک لەدەستپێکی کتێبەکەدا ئاماژەی پێدراوە .

لێرەدا ناوی تەنها بنەماڵەکانی ناو شاری سلێمانی خراونەتە ناو دوو توێی ئەم کتێبەوە کە ئەگەر چی هەندێک بنەماڵە بەرەیەک یان چەند بەرەیەکیان لەدەرەوەی شار نیشتەجێن ، بۆ ئەم حاڵەتە تەنها ناوی ئەوانە هێنراوەو درێژەیان پێ نەدراوە.

وەک ئاشکرایە ئافرەت لە شەجەرەدا دانەنراوە ، بەڵام من ئەو ڕێچکەیەم شکاندووەو تەنانەت ناوی منداڵی ئەو ژنانەم داناوە کەلە ژیاندا نەماون یاخود بەساڵدا چوون . کتێبەکە بەگشتی لەم بەشانە پێکهاتووە : دەستپێک(چۆن ئەم کتێبە بە ئەنجام گەیشت؟)، شاری سلێمانی و سەربوردێکی مێژوویی ، شاری سلێمانی تاوەکو ساڵی 1914 لەچەند گەڕەکێک پێکهاتووە کە بریتین لە –:

1 . مەڵکەندی، لقەکانی بریتین لە (حاجی حان– پیرمەسوور)، 2– کانی ئاسکان 3– گۆیژە، لەم لقانە پێکهاتووە (قەزازەکان– سابونکەران – گاوران – سەرچیمەن) 4 – دەرگەزێن ، تەنها لقێکی هەبووە بەناوی(سەرگۆل) 5– شێخان 6– جولەکان 7 –سەرشەقام 8– چوارباخ .

بەشێکی تری کتێبەکە بابەتێکی ترە لەژێر ناوی (چەند شوێنێکی ناسراوی سەرنج ڕاکێش بەلای دانیشتوانی شاری سلێمانی) ، دوای ئەم بابەتە(شاری سلێمانی لە دیدی شاعیراندا)دێت ، پاشی ئەوە تەوەرەی بنەماڵە دێرینەکانی سلێمانی دێت کە(217) بنەماڵەن و گەورەترین بەشی کتێبەکە پێک دێنێت.

بەدوای ئەوەدا تەوەرەی کورتە مێژوویەکی بنەماڵە مەسیحیە دێرینەکانی سلێمانی کە شەش بنەماڵەیە هاتووە، پاشی ئەوە تەوەرەی (جولەکانی شاری سلێمانی لەچەند دێڕێکی مێژوییدا) دێت، دوای ئەم تەوەرەیە چوار پاشکۆ دێت کەهەر پاشکۆیەک بۆ مەبەستێک دانراوە ، بەدوای ئەوەدا لاپەڕەی تێبینی و سەرنج و دوای ئەمیش لاپەڕەی(نوسەری کتێبەکە لەچەند دێڕێکدا)دێت و دوا لاپەڕەش(ڕونکردنەوەیەک)ی سەرجەم لاپەڕەکانی کتێبەکە لەخۆ دەگرێت.